مانای هونەر

بەشی یەکەم **وەرگێڕانی لە فارسییەوە سەربەست عارف**

پێشەکی وەرگێڕ

ئەم نوسراوانەی کە بەرچاوتان دەکەوێت، کۆمەڵە کورتە باسێکن کە هێربەرد رید- Herbert Read لەساڵەکانی ١٩٣١دا بۆ گۆڤاری- Listener – دەینوسین، و منیش هەستام بەوەرگێڕانی لە ساڵی ١٩٨٧ هەڵبەتە لەبەر هۆکاری ژیانەکی و دورە وولاتی بوارم نەبوو بەچاپیان بگەیەنم، ئەم بابەتانە بەشێکن لە جەوهەری هونەر و کۆنبوونیان بۆ نییە، بەچاکم زانی لە ڕۆژنامەی پەیامی کوردا بە خوێنەری بگەیەنم بەو هیوایەی ڕۆشنبیری کورد لە کۆی بابەتەکاندا شارەزاییەکی کارامە و هونەرمەندانەی بۆ هونەری شێوەکاری هەبێت و لە تێڕوانیندا دەربارەی جیهانی هونەر بێسەلیقە نەبێت.

١- پێناسی هونەری Art

هونەر بە واتایەکی سادە پەیوەست بەو هونەرانەیە کە بەهونەری پلاستیکی **Plastik**یابینراوی **Visdaul**دەیناسین، بەڵام ئەگەر ڕاستیمان بوێت ئەوا دەبێت هونەری وێژدانی و هونەری موزیکیش وەڕوبخەین، چونکە کۆمەڵە خاسییەتێک لە نێوان هونەرەکاندا هاوبەشە، هەرچەندە لەم یاداشتانەدا زیاتر سەری پەیوەندیمان بە هونەرە پلاستیکیەکانەوە هەیە، وەڕوخستنی ئەو بابەتانەی کە لە نێوان گشت هونەرەکاندا هاوبەشە، چاکترین سەرەتایە بۆ توێژینەوەکەمان.

شوپنهاوەر یەکەم کەس بووە کە رایگەیاند: گشت هونەرەکان دەیانەوێت بە مۆسیقابگەن. ئەم وتەیە جارەها دووپات بۆتەوە و شوێنگەی بەهەڵەدا چوونی گەلێک بووە، بەڵام گرنگییەکیش ئاشکرا دەکات، شوپنهاور چۆنییەتی ئەبستراکێ مۆسیقا لە پێش چاو دەگرێ، لە مۆسیقادا (تەنها لە هونەری مۆسیقادا) هونەرمەند دەتوانێ ڕاستەوخۆ لایەنگری لە گوێگران بکات و بێ یاریدە مەبەستەکانی بەوان دەگەیێنێت. ئەندازیار مەبەستەکانی بە زمانی بینایی بەیان دەکات، شاعیر وشە بەکار دەبات کە ڕۆژانە خەڵکی بۆ وتوویژ بەکاری دەبەن. وێنەکێش زۆر جار بە زمانی وێنەی ڕووکەش و دیاردەی بینراو دەدوێت، تەنها مۆسیقارە کە دەتوانێ لە سەربەخۆیی خۆیدا، لە وێژدانی ئازادیدا بەرهەمێک داهێنێت کە ئامانجی ڕاستەوخۆی - چێژ بەخشینە - و هیچی تر. بەڵام کۆی هونەرمەندان نێت و نیازیان چێژ بەخشینە، بۆیە سادەترین و زۆرترین پێناسەی هونەری ئەمەیە کە بڵێین : هونەر کۆششێکە بۆ داهێنانی وینەی چێژ بەخشی. ئەو وێنەیەش هەستی جوانیمان ڕازی دەکات، هەستی جوانیش کاتێک ڕازی دەبێت کە جۆرە یەکەیەک یا لەباری یەک بەدی بهێنێت کە ئاتاجی پەیوەندی وێنەییە لە درکاندنی هەستی خوددا.

٢- هەستی جوانی: Aesthetic sence

هەر تیۆرێک دەربارەی هونەر بەم گریمانەیە دەست پێدەکات کە مرۆڤ لە بەرامبەر شکڵ و ڕوو و قەبارەی شتەکاندا کە بەر هەستەکانی دەکەون ڕانەر نیشان بدات.

هەندێ لەئاڕایشتەکان **Arrangement** یان ڕێکخستنی شتەکان، سەربەهەستی چێژ وەرگرتن دەبن .. لەکاتی نەبوونی ئەم ئاڕایشتەدا نائارامی ڕووئەدات، هەستی دیاریکردنی پەیوەندی چێژبەخش هەمان هەستی جوانییە.. لەبەرامبەرەکەیدا هەستی دزێوییە. دیارە دەشێت گەلێ لە خەڵکی ئاگاداری ئەو گوجاندنەی لەنێوان ئەندام و کەلوپەلەکاندا هەیە نەبن، هەمان شێوە بەشێک لە خەڵکی کوێر ڕەنگن ، دەشێت بەشێکیش لەوان سەبارەت بەشکڵ و شێوەکان کوێربن.. بەڵام هەمان شێوە کە کەسانی ڕەنگ کوێر تا ڕادەیەک هەن یا دەگمەنن، بەهەمان بەڵگە دەتوانین باوەڕبێنین کە کەسانێکیش هەن ڕاستەوخۆ لەپێناسەی عەینی شتەکان بێئاگان یا بەهەمان ئەندازە کورت بین و کەم بینن.. چونکە هەندێ لەمرۆڤ لەڕووی هەستیارییەوە ناکاملن و پەروەردەی هەستیان پەروەردە نەکراوە، یان هەستی جوانیان سستە.

٣- پێناسی جوانی

دەیان و سەدان پێناسی جیاواز سەبارەت بە جوانی بونیان هەیە بەڵام پێناسی ئەندامی و پەتی کەمن دەربڕینی ئەمەیە کە{جوانی بریتییە لەیەکەی پەیوەندی وێنەیی لە درکاندنی هەستیماندا } ئەم پێناسەیە بنچینەییەو لەسەر ئەم بنەمایە دەیوانین تیوێرێک دەربارەی هونەر داڕێژین، بەڵام لەوانەیە گرنگ بێت کە لەسەرەتادا بە توێژینەوەیەک دەرهەق زاراوەی جوانی بکۆڵینەوە.. بۆیە دەبی بڵێین کە هونەر پەیوەندییەکی پێویستی بە جوانییەوە نییە.

ئەمەش شتێکی تەواو لۆژیکییە، بەمەرجێک ئەم زاراوەیە بەو شێوەیە سنوردار دەکەین کە یونانیەکان بنەمایان لەسەر داڕشتبوو، هەروەها شێوازی کلاسیکی ئەوروپی جێگەی گرتەوە.

مەیلی خودی خۆم ئەمەیە کەهەستی جوانی بەدیاردەیەکی گەلێک گۆڕاوتر لەبەرچاو بگرم، کە دیاریدانی بە درێژایی مێژوو گەل مەیلی خودی خۆم ئەمەیە کەهەستی جوانی بەدیاردەیەکی گەلێک گۆڕاوتر لەبەرچاو بگرم، کە دیاریدانی بە درێژایی مێژوو گەلێ نادیارو کەمێک سەرسوڕێن بووە.. هونەر دەبێت گشت ئەو جۆرەدیاردانە لەخۆی بگرێت، هەروەها لێکۆڵەرەوەی ڕاستگۆی هونەر کەسێکە کەهەستی جوانی خودی ئەو هەرچۆنێک بێت ئامادە بێت بۆ وەڕوخستنی ڕەسەنانەی ئەم هەستە، لەتەک کەسانی تردا لەسەردەمەکانی تریشدا ڕێگە بەدەستوری هونەر بدات و لەڕووانگەی ئەودا هونەری سەرەتایی و کلاسیک و گوتیک بەهەمان ئەندازە سەرنج ڕاکێشەرن، هەروەها هاوبەشە لە دیاریکردنی هونەری ڕەسەن لە نارەسەن لەگشت قۆناغێکدا و بە ئاگایە لە هەڵسەنگاندنی باشی ڕێژەیی دیاردە جۆراوگۆرەکانی هەستی جوانی لەقۆناغەکانی مێژودا .

ماویتی

دادگای تورک کاسێتی گۆرانیەکانی کچا کوردی قەدەغە کرد

p e y a m n e r- ئا ڤێستا -

دادگای سزادانی ئامەد (دیاربەکر) بڕیاری قەدەغەکردن و کۆکردنەوەی سیدی و کاسێتی یەک ساڵ پێش ئێستای کچە سترانبێژی کورد ئاینور دۆغان (کەچا کورد)ی دا. لەسەر ئەوەی کە گۆرانییەکانی پشتیوانی لە کۆنگرەی گەل دەکەن و هانی کچانی کورد دەدات ڕوو بکەنە چیاو خەباتی چەکداری. (کەچا کورد) سەرسوڕمانی خۆی لەو بڕیارە نیشانداو گوتی "من تەنیا کاری موزیکم کردووەو کاسێتەکەم کاتی خۆی بەرەزامەندی وەزارەتی ڕۆشنبیری دەرچووە".